# با زمان‌ناسان بەرۆکی زمانی کوردی بەر بدەن!

دوکتۆر مەسعوود بینەندە



ئەورۆکە شێوازێکی ساختە و ڕۆنراو لە پێناسە و نواندنی **زمان** هاتووەتە ڕۆژەڤەوە کە ئەم دیاردەیە لە بەستێنی بووناسانە و ژین‌جیهانی خۆی دایدەبڕێت و بە شێوەیەکی ڕووت و دەرهەست دەینوێنێتەوە. حەزێکی فۆرماڵیستی لە ئارادایە کە گشتێتیی زمان هەتا ئاستی هەندێ یاسا و ڕێسای ڕەق‌وتەق و میکانیکی دادەشکێنێت و بەستێنی زیندووی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی زمان تووشی وشکەڕۆیی و ناچالاکی دەکات. یەکێ لە دەرکەوتەکانی ئەم چەشنە **زمان**ناسییە، جۆرێ لە تیپۆلۆژیی زمانییە (linguistic typology) کە هیچ چەشنە بەڵگە و بوارێکی جوگرافی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی ڕەچاو ناکات و تەنێ بە پێوەر و مەقەستی وشەناسانە و ڕێزمانی ئەویش لە ئاستێکی بەرتەسک و بە خوێندنەوەیەکی تایبەت لەم بوارانە، بڕیار و بانگەشەی خۆی سەبارەت بە زمان دەردەکات. ئەوەی کە زمانێک جێناوی نێر و مێی تێدایە یان نا (grammatical gender)، ئەرگەتیڤە یان ئەرگەتیڤ نییە، لە دەستەی دابڕاو (analytic)ە یان نووساو (synthetic:لکێندراو، تێکەڵاو، هەرەتێکەڵاو)، تەنێ بە توێژینەوەیەکی سینتاکسی و مۆرفۆلۆژیک بڕیاری کۆتایی لەسەر نادرێت. وەک دەزانین ئەو تایبەتمەندیانە دەکرێت لە ڕەوتی تێپەڕبوونی زەمەندا بە هۆکاری جیاواز بەدی‌هاتبێت یان خود تووشی سوانەوە بووبێت و سڕدرابێتەوە. هەروەها وێدەچێت لەژێر کاریگەریی نزیکیی جوگرافی و پەیوەندیی فەرهەنگیدا سەریان هەڵدابێت. سەرەڕای هەموو ئەمانە ئەگەر جیاوازییەکانی دوو زمان یان زاراوە شێوازی بنەڕەتی و سەرەکیشی هەبێت، بە تایبەت لە نێو گرووپ و کۆمەڵێکی زمانیدا کە ئەزموونی مێژوویی و پەیکەری فەرهەنگی هاوبەشیان هەیە و هەموو زمانناسانیش ئەو لێکنەچوونەیان سەلماندبێت، دیسان هیچ بەڵگەیەک بۆ بانگەشەی جوداخوازی و جیابوونەوە لە ئارادا نابێت. کەوایە پێناسەی گشتێتیی زمان چ لە ئاستی زمانناسانەدا و چ لە ئاستێکی مێژوویی و کۆمەڵایەتیدا پرسێکی سووک و سانا

نییە و بەبێ توێژینەوە و تێڕامانێکی هەمەلایەنە و وەبەرگر دەستەبەر ناکرێت. ئەوڕۆکە پتر لە ٢٠ لقی زمانناسی بە ئاڕاستەی جیاوازەوە هەر لە زمانناسیی ناسێنکارانەوە بگرە هەتا بواری کۆمەڵایەتی و ئانترۆپۆلۆژی و ژینگەیی و هتد، هاتوونەتە ئاراوە کە هەمووی لەسەر زمان وەکوو "**بەکارهێنان لە بەستێندا**" پێداگری دەکەن و تەنیا لە قەوارە و قاوغێکی ڕووت و داخراودا نایبینن. **زێدەی زمان** یان ئەو ڕادەیەی زمان کە زۆرتر و بەرفراوانترە لە خودی زمان، بریتییە لە لایەنی **جەستەمەندیی** (embodiment) و کۆمەڵایەتیی زمان، کە هەموو نیشانە و ئاماژەکانی ئەزموونی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی مرۆڤی بە درێژایی مێژوو لەخۆ گرتووە و قەد بە هەندێ هاوکێشە و فۆرموڵی بیرکارانە پێناسەی بۆ نادرێت. زێدەی زمان سەرتر لە **توانستی زمانی** (linguistic competence)، **توانستێکی پەیوەندیگرانە** (communicative competence) و هەڤبوونانەیە کە وێنەسازیی زەینی و **ناسینی فەرهەنگی** (cultural cognition) بەرهەم دێنێت. کەوایە واقیعی زمان لە میکانیزمی ناوەوەی زماندا جێگیر نەبووە بەڵکوو پەیوەست بە دینامیزمی دەرەوەی زمانە؛ واتە بەپێی بوار و بەستێنەکانە کە زمان دێتە گۆ و شوناسی خۆی بەرهەم دێنێت. بە نموونە کاتێ ئەم شیعرەی **مەولەوی** دەخوێنینەوە:

| | |
|---|---|
| **" ئاماوە وەهار، وەهار شادی** | **بۆی عەتر نەسیم غونچەی ئازادی؛** |
| **خێڵخانەی خەفەت باربەنیش کەردەن** | **مەینەت ڕوو نیان وە ماوای مەردەن"** |

تەنێ بە وشەناسی و باسی ڕێزمانی ناتوانین لە کرۆکی مانایی و دەلالەتی نیشانەناسانەی ئەم دەقە تێبگەین، بەڵکوو تەنیا هاوشوناسیی فەرهەنگی و ئەزموونێکی هاوبەشی مێژووییە کە دەلالەتی وشەکانی وەهار، خێڵخانە و ئازادی ڕوون دەکەنەوە و خەیاڵکرد و فامستێکی فەرهەنگی بەدیدێنن. جەستەمەندی و کۆمەڵایەتیبوونی زمان لەم نموونەیەدا مانای ئەوە دەدات لە جوگرافیا و کۆمەڵگەیەکدا ژیابێت کە تێیدا وشەکانی وەهار و نەورۆز بە ئیماژەکانی نوێبوونەوە و دەربازبوون لە کەوڵی کۆن، بارگاوی کرابێت و باربەنیی خێڵ-بەرەوژوور و بەرەوخوار- میتافۆرێکی ئاشنای بۆ کۆدبەندیی خەم و خەفەتەکانی مرۆڤ مسۆگەر کردبێت. پەیکەری نیشانەیی (simiosphere)ی فەرهەنگ و زمانی کوردی، بە هەموو جۆر و جیاوازییەکانیەوە دابینکەری پێناسەی شوناسی زمانییە؛ هەربۆیە هیچ <u>**زمان**</u>ناس یان جۆرناسێکی زمانی ناتوانێ لە ڕێگای هەندێ فۆرمووڵ و ڕێسای بەتاڵهەڵگر(falsifiable)ەوە، بڕیاری کۆتایی بۆ چارەنووسی زمان دەر بکات. جۆرناسیی زمانی، بە تەواوی کێشەکانیەوە کە ئاماژەی پێدرا، کاتێ لە سنووری دیسیپلین و پسپۆڕیی خۆیدا هەڵدەسووڕێت و تێکەڵ بە بڕیاری گشتەڕۆیانە و ئایدۆلۆژیک نابێت، ئەرکی زانستی خۆی بەجێ دەهێنێت، بەڵام کاتێ گیرۆدەی گشتاندنێکی هەڕەمەکی دەبێت، بەبێ ئەوەی ئەزموونی مێژوویی و پەیکەری فەرهەنگی

و هەروەها ئیرادە و ویستی ئەو کۆمەڵگەیە ڕەچاو بکات، لە هەڵدێری هەڵە و هەڵپەرستییەکی خۆویستانەدا ڕۆ دەچێت.

لەم سەردەمەدا دۆخێکی جیهانگیر لەگەڕدایە کە هەژمۆنی و باڵادەستیی چەند زمانی دیاریکراوی داسەپاندووە و هاوکات مەترسی و هەڕەشەی پەراوێزکەوتن و پاتراندنی بۆ هەندێ لە زمان و زاراوەکان بەدیهێناوە. دۆخی چەندفەرهەنگی و فرەزمانیی جیهانی سەردەم بەپێی کانتێکست دەتوانێت بەرئەنجامی جیاوازی لێ بکەوێتەوە؛ واتە هەم دەتوانێ وەکوو دەرفەت و دەسکەوت، هەم وەکوو خەسار و کارەسات بۆ پێگەی فەرهەنگ و زمانەکان دەور بنوێنێت. ئەم دۆخە جیهانگیرە هاوتەریب لەگەڵ سیاسەتی سانتراڵیزمی زمانیی لە کۆمەڵگەیەکی فرەزمانیدا، هەڕەشە و مەترسی بەرەورووی ئەو زمان و زاراوانە دەکاتەوە کە لە بازنەی پێخوێندن و پێکارکردن  وەلا نراون و بەم شێوەیە پێگە و شکۆی کەمەڵایەتییان نەوی کراوە.

ئەوڕۆکە مەیلی جوداخوازیی زمانی بە پاڵپشتی ئەم چەشنە **زمان**ناسییەی کە ئاماژەمان پێدا پەرەی ئەستاندووە و هاوکات هەوڵێکی ناتەندرووست بۆ بەئەویدیکردنێکی ڕقهاوێژانە بە تایبەت لە پانتایی زمانی کوردیدا لە ئارادایە. ئەم ڕەوتە **پان**خوازانانە هۆکاری سەرەکی و بەرپرسی ڕاستەقینەی دۆخی تەریکبوون و لاپەڕکەوتن لەم سەردەمەدا نابیننەوە - کورد وتەنی سەری گلۆڵەکەیان لێ ون بووە -، یان بە ئەنقەست خۆیانیان لێ نەبان کردووە، هەر بۆیە بە شێوەیەکی نادرووست و دیهاوێژانە تاوانی ئەو دۆخە دەخەنە ئەستۆی گرووپێکی زمانیی تایبەت. لە ئاکامی ئەم دیهاوێژییەدا دراوسێ یان ئەویدیی نزیک، ئەو کەسەیە کە تاوانبارە و چێژی ئەوانی دزیوە. لە ڕاستیدا سیاسەتی زمانی(language policy) لە پانتایی زمانی کوردیدا بەپێی ئەگەرمەندی (contingency)یەکی مێژوویی بەرەو پێش چووە و هیچ بڕیارێکی ئیرادەگەرانە (subjective) و داسەپێنەرانەی بۆ  بەپێوەرکردنی زاراوەیەکی تایبەت لەپشت نەبووە. ئەم ئەگەرمەندییە لە لایەن پارانۆیای دژەئەویدیانەی **پان**خوازانەوە، دەبێت بە مێردئەزمەی **ئەویدییئەویدی** (other of the other)، واتە دوژمنێکی مەترسیدار کە هەموو شتێ کۆنترۆڵ دەکات و تەنانەت ڕەوتی ڕووداومەندی مێژوو لە بەرژەوەندیی خۆیدا بە شێوەیەکی ژێربەژێر و پیلانگێڕانە دابین دەکات. فانتازیای **زمان**ناسانەی **پان**خوازان شکۆ و چێژێکی نارسیستی تایبەت بە ئۆبژەیەکی فەرهەنگی و زمانی چێ دەکات و هاوکات بۆشایی و بەتاڵبوونی ئەو  ئۆبژەیە دەخاتە ئەستۆی ئەویدیی تاوانبار. فانتازیای دژەکوردی **پان**خوازان، بەشێوەیەکی ترۆماتیک لە گێڕانەوەی دزینی چێژی زمانی و شکۆی فەرهەنگی خۆ لە لایەن ئەویدیەوە، چێژ بەرهەم دەهێنێت و هاوکات بۆشایی و کەلێنەکانی ئەو ڕەوایەتەی پێ دەشارێتەوە. بەپێی لۆژیکی دژوازی گوتاری **پان**خوازان، سنوورەکانی نێوان زمان و دیالێکت و شێوەزار، مەودای نێوان زمانی ڕەسەن و زمانی ناڕەسەن، هێڵی نێوان فەرهەنگی شکۆدار و فەرهەنگی پەڕپووت، ڕەوتی مێژووی گەشاوە و سەردەمی نوشووستی، بەشێوەیەکی بەرچاو سنووربەندی کراوە.

ئەمە لە حاڵێکدایە کە لۆژیکی سەردەم لۆژیکی فازی و ڕادەییبوونە؛ واتە ڕوانگەیەکی چۆنایەتی و **گشتبینانە**(holistic) کە هەموو ڕەهەندەکان دەبینێت و هەر دیاردەیەک لە بەستێن و بواری خۆیدا مانا دەکاتەوە.

وتەیەکی بەناوبانگی ئانترۆپۆلۆژیستێک هەیە کە دەڵێ "**to say language is to say society**"، لەم سۆنگەوە کاتێ **کۆمەڵگەی کوردی بوونی هەیە و زیندووە، زمانی کوردیش بوونی هەیە و زیندووە** و ئەوەندەی پێویست بە سەلماندن و بەڵگەهێنانەوەی زمانناسانە یان پەڕزمانناسانە نییە. هیچ زمانێک لە جیهاندا تەنێ بە ڕیزبەندیی وشە و ڕێسای گرامێر  ناناسرێت، بەڵکوو بەو هەنبانە مێژوویی و **بیرمانە فەرهەنگییە** ( cultural memory) دەناسرێت کە هەست و نەست و ناسین و کردەوە دەخولقێنێت؛ کۆناسینێ کە لە درێژایی مێژوودا چالاکانە **پێگەیشتوو** (emergent)ە و لە ئاستێکی سەرتر لە کۆی ناسینی تاکتاکی مرۆڤی ئەو کۆمەڵگەیە سەقامگیر بووە. زێدەی زمانی کوردی ئەو ئۆبژە ڕانەگیراوەیە کە چاوی لێڵ و کەمسۆزی **زمان**ناسیی هەڵەسەر و هەڵەبێژ نایبینێت و بەردەوام ئاستەکەی نەوی دەنرخێنێت؛ واتە زمانێکی بێمێژوو و بێناسنامەمان پێ دەناسێنێت. لە وێکچواندنی مووسیقا بە زماندا بە نموونە، ئەو زێدەباییە، لە ئاستی زمانی ئابستراکتی نۆت و دەزگاکان پەڕتر دەڕوات و لە پەیکەری زیندووی مووسیقایی کوردی واتە لاوک و حەیرانی کرمانجی، بەند و بەیتی موکریانی، چۆپی و هەڵپەڕکێی ئەردەڵانی، بەزم و سیاچەمانەی هەورامی، کەلام و شانامەی گۆرانی، مەقام و هۆرەی ئیلامی و کرماشانیدا خۆ دەنوێنێت. هەر بۆیە کاڵای کۆد و پێوەری دەزگاکانی مووسیقا بە باڵای مەقامەکانی مووسیقای کوردیدا کورتی دێنێت و ئەو گەز و پێوانەیە بەبێ ژینجیهانی زیندووی مووزیکی کوردی، بەرامە و بەرهەمێکی لێ سەوز نابێت.

"زمان" لە بەستێن و بەکارهێناندا، **نێوەنجیی تێوەگلانی ئێمە لەگەڵ جیهاندایە** و پەیوەندیی بنەڕەتیی ئێمە لە ئاست بوون خۆیا دەکات. هەر بۆیە لە ئاست هەموو زمانەکاندا، زمانناسی و توێژینەوە لەسەر زمان بە ڕەچاوکردنی ژینگەی زمان، خزمەتی ئەوتۆی بە مانەوە و پەرەپێدانی زمان کردووە، بەڵام **زمان**ناسیی ئایدۆلۆژیک و نەزۆک بووەتە هۆی دابڕانی مرۆڤ لە زمان و هەروەها وێرانکردن و داڕووخانی ئەزموونی مێژوویی و کۆمەڵایەتی؛ بۆیە پێویستە بە هەستیارییەکی تایبەت و بە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانەوە بەرەورووی ئەم جۆرە بۆچوونانە ببینەوە و بە شێوەیەکی ئایرۆنیک پێیان ڕابگەیەنین **با بەرۆکی زمانی کوردی بەر بدەن!**

**سەرچاوە:** دەنگی کوردستان، چوارشەممە، ٢٥ی ڕەشەمەی ١٤٠٠ی هەتاوی